# منداڵێک بەئاگر گوزراشت لەخەمەکانی دەکات

ڕەنگدانەوەی ڕووداوێك یان ڕەفتارێکی بەرامبەر زۆر جار ڕەنگە وا لەمرۆڤ بکات پەرچە کردارێك بنوێنێت کە کارەسات یان ڕووداوێکی دڵتەزێنی لێبکەوێتەوە، سـەرەڕای قێزەونـی ئەم دیاردە و کارەساتانە لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵام بەردەوام لێرە و لەوێ هەیە و هەستی پێدەکرێت و تارادەیەکی زۆریـش لای خەڵك دیاردەیەکی دەگمەن نییە و سالآنە خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی ئافرەتان دەبنە قوربانی.

تا ئێرە بابەتەکە باوە، بەڵام ئەگەر بڵێین منداڵێك کە لەپۆلی چواری سـەرەتاییە و دوای ئەوەی چەند لیترێك نەوت بەجەسـتەی خۆیدا دەکا و لەبەردەم دەرگای ماڵەوە ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدا، بێگومان ئەمـە ڕووداوێکی دەگمەنە و پێویـسـت بەهەڵوەستەیەك و شرۆڤە کردنێکی زۆر و وردی ئـەم ڕووداوە هەیـە، بەڵام دوو هەفتە بەر لەئێستا لەشاری هەولێر (أ،ص،س) کە لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە لەڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٣٠ دوای ئـەوەی لەقوتابخانـە دەگەڕێتەوە بڕێك نـەوت بەخۆیدا دەکات و خۆی دەسووتێنی.

## منداڵێکی زیرەك

(أ) منداڵێکـی تا بڵێی زیرەك و بەتوانایە لەڕووی تواناکانی مێشـکییەوە، زوو شت لەبەر دەکا و دەیناسـێتەوە، هەر کەسـێك قسـەیەکی ناخۆشی پێدەڵێ زۆر دەرەنگ لەبیـری دەکات، چاوی تیـژە، بەپاراوی قسـە دەکات هەمیشە پرسیاری گرنگ و قوڵی دەکرد و زۆریش حەزی دەکرد لەشـتەکان و زۆر جاریش شـەڕی دەکرد و کاتێك لەگەڵ کەسـانی لەخۆی گەورەتر دادەنیشت زۆر بە وردی گوێی لەقسەکانیان دەگـرت و تەنانەت زۆر جار ئـەوەی گوتراوە بۆ باوکی باس دەکرد و پرسـیاری لێدەکات وردبێتـەوە ئەمانەش هەموویان نیشانەی زیرەکی منداڵن، بۆیە بەزیرەکی و بلیمەتی ناسراوە، بەڵام (ا) هەندێك هاروهاجە و لەقوتابخانـە تەواو پێچەوانـەی ماڵەویە و ڕقی لەخوێندنە، بەجارێـك کە لەقوتابخانە دەگەڕایەوە تەنانـەت جلوبەرگی قوتابخانەی لەبەر دابوو تا کاتی نووستن و کتێب و جانتاکەی چۆن دەگەڕاندەوە ماڵەوە بەو شێوەیە فڕێی دەدا تاکو ڕۆژی دواتر دەچوو بۆ قوتابخانە، سەرەڕای ئەمەش باوکی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی لەیەکێك لەقوتابخانە تایبەتییەکان بخوێنێ.

## سەرەڕای سووتانی جەستەی خۆی
## خەمی نەخۆشییەکەی باوکی بوو

(أ) لەیەکێـك لەقوتابخانە ئەهلییـەکان دەخوێنێت و ئەو ڕۆژە بەیانی ئاسـایی دەچێتـە قوتابخانـە، (ص)ی باوکی کە نەخۆشـییەکی درێژخایەنی هەیە و سـەرەڕای گەورەیی ڕووداوەکە جۆرێك لەئارامی بەسـەرو سـیمای هەسـتی پێدەکرێ دەڵێ: من چووم بۆ سەر کاری ڕۆژانەی خۆم کە دەکەوێتە دەرەوەی شار و ئەوەی بەخەیاڵمدا نەدەهات ڕووداوێکی لەم شێوەیە بوو، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا کە وەڵامەدایەوە، خوشـکم بەهەناسـە سـواری گوتی زوو فریامان کەوە (ا) سوتاوە وا گیان لەدەسـتەدەدا، ئەوکات دنیام لەبەرچاو تاریك و لەدڵی خۆم گوتم کوڕەکەم گیانی لەدەسـتداوە، بەڵام پێم نالێن، سـواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و بەرەو شـار گەڕامەوە، هەرچۆنێك بێت وێڕای قەرەباڵغی ڕێگا و بازگەکانی دەرەوەی شار کە تا ڕادەیەك بوونە هۆکاری دواکەوتنم و نەمتوانی بێم بۆ ماڵەوە، خۆم گەیاندە نەخۆشخانە، کە چوومە ژوورەوە جگەرسـۆزەکەم بەم شێوەیە بینی، لەناخەوە ئەو دیمەنە زۆر کاریگەری لەسـەر تەندروسـتیم هەبوو و ئەوەی زیاتر هەژاندمی کاتێك کوڕەکەم منی بەو شێوەیە بینی سـەرەڕای ئەوەی سووتانەکەی پلە سێیە دڵی دامەوە و گوتی باوکە: خەم مەخۆ هیچ نییە من چاك دەبمەوە تۆ دەبێ زۆر ئاگاداری تەندروستی خۆت بی و بەڵێنت پێدەدەم من دەگەڕێمەوە لات و لەتەنیشـتتەوە دادەنیشم، ئەم قسانە منیان ڕووخاند و بەناچاری چوومە دەرەوە.

## باوکە خەتای من نەبوو

(ص) سـەبارەت بەهۆکارەکانی خۆ سـووتاندنی کوڕی و چۆنیەتی ڕووداوی دەڵێ: لەنەخۆشـخانە کوڕەکەم هەستی بەگەورەیی ئەو کارە دەکرد و بەردەوام دەیگـوت: باوکە خەتاکە لەمن نەبوو، و پێدەچوو ئەو ڕۆژە لەکاتی نان خواردنی نیـوەڕۆ ڕێگا بەکوڕەکەم نەدرابوو لەگەڵ قوتابییەکانی تر نان بخوات و نازانین هۆکارەکەی چی بوو، ئایا بەئەنجام نەگەیاندنی ئەرکەکانی قوتابخانە بووە یان هۆکاری تر بووە، دیارە ڕێگا نـەدان بەنان خواردن لەگەڵ قوتابییەکانـی دیکە کاریگەری دەروونی هەبووە لەسـەری، چونکە ئـەم کوڕەم زۆر زیرەکـە و تێبینیم کردووە ئەگەر یەکێك ڕۆژێك قسـەیەکی ناخۆشی پێ گوتبێت قەت لەیادی نەکـردووە و لەدڵیدا پەنگی خواردووە بێ ئـەوەی بیدرکێنێ، هەروەها کاتێك بەپاسـی قوتابخانە گەڕاونەتەوە دیسـان ئەو ڕۆژە لەناو پاس دانەنیشـتبوو و بەپێوە وەستا بوو تاکو گەیشتبووە ماڵەوە، جیا لەهەموو ڕۆژانی تـر کە هاتبووە ماڵەوە یەکسـەر جلەکانی قوتابخانەی فڕێ دابوو و لەژووری سـەرەوە بەبراکەی گوتبوو خۆم دەسووتێنم، براکەشی ئەم قسـەیەی بەهەند وەرنەگرتبوو، بەقسەی (أ) دوای ئەوەی هاتبووە خوارەوە دەبەیەك نەوتی و بەخۆدا کردبوو، چەندین جار هەوڵیدا ئاگری چەرخەکە داگیرسێنی دانەگیرسابوو تا دوایین جار لەناکاو داگیرسابوو ئینجا بەئاگرەوە ڕایکردبوو بۆ ماڵێکی دراوسێمان و دوای ئەوەی بەشی سـەرەوەی لەشی سوتابوو توانیبویان ئاگرەکە بکوژێننەوە و بیگەیەننە نەخۆشخانە، ئێستاش نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجام دراوە.

باوکی (أ) سـەبارەت بەباروودۆخی ئێسـتای کوڕەکەی دەڵێ: ئێستا لەنەخۆشخانەیە و نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام وردی بەرزە و هەمیشـە دڵی من دەداتەوە و پێم دەڵێ باوکە بەخوای خەتاکە لەمن نەبوو، بەڵام تۆ خەمی منت نەبێ و هەوڵ بدە شـەکرەت بەرز نەبێتەوە، مـن بەڵێنت پێ دەدەم دەگەڕێمەوە ماڵەوە و لەتەنیشـتت دادەنیشـم و لەقسەت دەرناچم و گوێڕایەڵی قسە و ئامۆژگارییەکانت دەبم.





# تازە هاوسەران هەڵەیان زۆرترە

**ئا: ئاشتی عەبدوڵڵا**

ئەو هاوسەرە تازانەی دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە، دەکەونە نێو هەڵەو گرفتی زۆرەوەو لەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن: دروستکردنی ژیانێکی خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگ و دوور لەواقیعەوە. ڕێزنەگرتن و ڕانەگرتنی هەست و سۆزی بەرامبەر. دان نەنان بە هەڵەدا، لێنەبووردنی بەرامبەر و نەبوونی سنگ فراوانی و خۆبەزلزانین. درۆکردن و شاردنەوەی ڕاستی لەبەرامبەر. لەیەکتر نەگەیشتن و نەبوونی دیالۆگ و گفتوگۆی هێمن. هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی. نەگونجان و جیاوازی لەمیزاج و ڕەفتار و شێوازی ژیاندا.

باسکردنی خراپەی یەکتر و کەموکوڕییەکان بەرامبەر لەبەردەمی کەسوکاری یەکتردا. دەنگ بەرزکردنەوە و هاوار و قیژەکردن بەسەر یەکدا. خەرجی و مەسرەفی زۆر و دەستبڵاوی کردن لەکڕینی شتومەك و کەلوپەلدا بەبێ ئەوەی باری گوزەران و ئابووری و کەمدەرامەتی لەبەرچاو بگیرێت، بۆیە قەرز زۆر دەبێت و بەرنامە بۆ دانەوەی ناکرێت. هەروەها یەکێکی تر لەو کێشەو گرفتانە بریتییە لەگوێنەدان بە پاکوخاوێنی لەش و جەستە، یان ناوماڵ. ئیرەیی و بەدگومانی و ڕژدی و ڕەزیلی یان دڵپیسی لەڕاددەبەدەر. شەڕوشۆڕ دروستکردن لەسەر هۆکاری لابەلا و ناسەرەکی و بچووك. لێنەبووردن و سنگ فراوان نەبوون بەرامبەر بە هەڵەی یەکتر و یەکتر تاوانبارکردن و دان نەنان بە هەڵەدا و داوای لێبووردن نەکردن.

# هاوسەرانیش کاریگەری تەکنۆلۆژیایان بەرکەوتووە

**محەمەد ئەحمەد**

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەبەریتانیا سازدراوە: بە بەشداری ١٤٠٠ هەزارو چوار سەد کەس، دەرکەوتووە کە یەك لەسەر چواری ژنان مێردەکانیان لەسەر دوو جێگای تەختی لەیەك دوور دەخەون. هۆی سەرەکی ئەو دیاردەیەیان بۆ تەکنۆلۆژیا گەڕاندەوە، چونکە پیاوان و ژنان پێش خەوتن خەریکی هەندێ شتن. گەنجان زیاتر دەیانەوێت خەوێکی بەردەوام بخەون، لەکاتێکدا بەشێك لەژن و مێردەکان حەزیان لەوەیە بەشێوەیەکی ڕۆمانسی بخەون. لەلێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە هەندێ پیاو یان ژن بەر لەوەی بخەون خەریکی ئینتەرنێت یان شەحنکردنی مۆبایلن، یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، هەندێ کاری تایبەت دەکەن کە پێویست بەوە دەکات بەرامبەرەکەی ناڕەحەت نەکات. لێکۆڵینەوەکە دەڵێت کە خەوتنی ژنان و پیاوان بەوشێوەیە مانای ئەوە نییە کە ژیانی هاوسەرییان لەمەترسیدایە، بەڵکو ژیانی سەردەم پێویست بەوشێوەیە دەکات..





# درامای (ئاکامی نهێنییەکان) تاچەند توانی باس لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و شەڵتەرەکان بکات؟

**ئاکامی نهێنییەکان یەکێك بوو لەو درامایانەی کە لەیەکێك لەشاشەکان دابەزی، باسی لەدیاردەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەکرد، هەروەها نیشاندانی شوێنی شەڵتەرەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەشەڵتەرەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای داخبوو کە کۆمەڵێك پرسیاری لای خوێنەران و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی دروست کرد. بەبڕوای توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئایە نیشاندانی ئەو خانووە گرانبەها و ڕاقییانە هانی جیاوازی چینایەتی نادات و ڕقی چینایەتی گەشەپێنادات؟ ئایە نابێتە هۆی هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی زوو ڕوو لەشەڵتەرەکان بکەن؟ ئایا وا لەئافرەتانی کورد ناکات کە زۆر میسالییانە لەشەڵتەرەکانی ژنان و ئافرەتان بڕوانن؟ لەکاتێکدا و لەواقیعدا ئەو شەڵتەرانە لەکوردستاندا زۆربەیان زۆر لەوە لاوازترن و بنەما زانستییەکانی پرۆفیشنالێتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستییان تێدا نییە. ئایا ئەمە ئاسۆی بیرکردنەوە و توانای کۆمەڵایەتی ژنان خۆیان لاواز ناکات لەبەر ئەوەی یەکسەر پەنا ئەبەنە بەر شەڵتەرەکان؟ لەکاتێکدا ئەتوانرا چەندین بەدیل و ڕێگە چارەی زانستی نمایش بکرایە بەئامانجی گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەو فێرکردنی ژنان و پیاوان بۆ ئەوەی هانبدرێن خۆیان بتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەربکەن. ئایا هانی پیاوان نادات بۆخیانەت کردن لەژنەکانیان؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن کەئەم درامایە لە ماوەی رابردوو وروژاندونی...**

### زۆربەی شەڵتەرەکان لەڕووی خزمەتگوزاری و کومەڵایەتی و دەروونییەوە کەم وکورتیان هەیە

جەزا حەمەسالح سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان پێیوایە کە ئەوەی گرنگبێت پێویستە ئافرەت بەرامبەر بەمافەکانیان وشیاربکرێنەوە و دەشڵێت «لەبەر ئەوەی زۆربەی ئافرەتی لای ئێمە ئاشنا نەبووە بەمافەکانی خۆی، بەداخەوە ڕەنگە ئەو درامایە نەیتوانیبێ ئەو ئامانجە باس بکات، تائێستاش ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتی کورد نەخوێندەوار و بێکارن، هەرچەندە ئەو درامایایە توانبێتی کە ئافرەت فێربکات بەرگری لەمافەکانی خۆی بکات، بەڵام ئەتوانرا ئەو درامایە ئافرەتی کوردی هۆشیار بکردایەتەوە کە باشترین میکانیزم و باشترین ڕێگەچارە هەڵبژێرن بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکانیان. جەزا ئەوەشی خستەڕوو ماڵ بەجێهێشتن بەهۆکاری ئەو جۆرە کێشانە ڕێگەچارەیەکی باش نییە کە ئەو درامایە نمایشی کرد، دەتوانرا ئەو ئافرەتەی کەتووشی کێشەبووە سەردانی توێژەرێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی بکردایە، واتا لەبری ئەوەی ماڵ بەجێبهێڵێت هەندێك بەدیلی تر هەبوو کە دەیتوانی بەکاری بهێنێت، چونکە ماڵ بەجێهێشتن بەدیلێکی باش نییە و ڕێگەیەکی تەقلیدییەو ئافرەتیش زۆر جار تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو شەڵتەرەی کە نیشان دەدرا دوور بوو لەڕاستی، لەبەر ئەوەی زۆربەی شەڵتەرەکان هەژارن لەڕووی خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە و ستافی کارکردن پسپۆریان نییە وەك نەبوونی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و کارمەندی یاسایی، کە ئەمانەش گەورەترین گرفتی ئەو شەڵتەرانەیە. ئەوکەسەی کەرۆڵی توێژەری دەبینی وەك کەسێکی کۆمەڵایەتی کاری دەکرد نەك وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی، لەبەر ئەوەی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بنەمای زانستی خۆی هەیە و خاوەنی کۆمەڵێك میکانیزم و تیۆرە و کاری توێژەری بەپێی زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی جێگیرکراوە و لەسەر ئەو بنەمایانەش کار دەکات، شارەزاییە سەرەکییەکان و تەکنیکەکانی جەلەساتی چارەسەر و ئیدارەدانی کێشەو هونەری جەلەسات و بنەماکانی ڕێنمایی شێواز و میتۆدی چارەسەری کێشە لەو کەسەدا بەباشی بەرجەستە نەبوو کە ڕۆڵی توێژەری نمایش ئەکرد، لەبەر ئەوەی کاری توێژەر زۆر لەوە سەختترە کە لەو درامایەدا پیشان دەدرا، چونکە قەناعەت پێکردنی خەڵك زۆر زەحمەتەو پێویستی بەکاری زۆر هەیە».

هەروەها توێژەری دەروونی (سامان سیوەیلی) سەرۆکی سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزان لەسلێمانی دەڵێت وەزیفەی کاری درامی ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە و دەرخستنی ڕێگەچارە گونجاو و لەبارەکان، چونکە بەشێک لەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی کە خێزانی کوردی تێیدا دەژی دەرهاویشتەی کارە درامییەکانە بەتایبەتی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، کەواتە ناتوانین خۆمان لەو ڕاستییە لابدەین کە کارە هونەرییەکانی سەر شاشەکان کاریگەری گەورە جێدەهێڵن لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک. هەمووومان درک بەو قەیرانانە دەکەین کە خێزانی کوردی لەم ڕۆژگارەدا تێیدا دەژی، بۆیە دەبووایە درامای (ئاکامی نهێنییەکان) لەبنەڕەتدا کاری لەسەر چارەسەری گرفتەکانی ناو خێزان بکردایە، نەک زەقکردنەوەی ناکۆکییەکان و پەنابردن بۆ یەکتر ڕەتکردنەوە. ئەگەر پاساو ئەوە بێت کە بینەر دەرئەنجامەکانی بۆ ببێتە پەند، ئەوا بەشێوەیەکی تریش هاندانی تێدابوو کە بەڕاستەوخۆ بە ئافرەتانی دەگوت، هەر کاتێک کێشەی خێزانیتان هەبوو، ئەوا (شەڵتەرەکان) لەچاوەڕوانی ئێوەدان».

سامان پێشیوایە کە ئەم درامایە هێندەی لە کارێکی ڕیکلامی دەچوو بۆ ئەو جۆرە شەڵتەرانە هێندە



**بەهار ڕەفیق:**

## نابێت هیچ کەسێک یاخود کارمەندێک لەشەڵتەرەکان ئامێری پێوەندی کردن بەکاربهێنێت

**سامان سیوەیلی:**

## لەخەمی دەستنیشان کردنی میکانیزمە گونجاوەکانی کێشەی ناوخێزانی کوردی نەبوو، بەڵکو لەکارێکی ڕێکلامی دەچوو

لەخەمی دەستنیشانکردنی میکانیزمە گونجاوەکانی کێشـــەی ناو خێزانی کوردیدا نەبوو، بۆیە باشـــتر وابوو ئەم درامایە کاری لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە بکردایـــەوە کە دەڵێت: چی بکرێت باشـــە کاتێک خێزانی کورد دووچاری کێشەی جۆراجۆر دەبێتەوە؟ بـــەڵام وەڵامی ئەم پرســـیارە کاتێک بە دروســـت دادەنرێت کـــە لەگەڵ بەهـــا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگـــەی کوردیدا بگونجێت نەک بە مەزاجی ڕێکخراوێک.

### راستە ئەم درامایە هەوڵیدا پەیامێك بگەیەنێت و شەڵتەرکان بەهاووڵاتیان ئاشنا بکات، بەڵام لەنێو پەیامەکەیانەوە هەڵەی تیابوو

بەهار ڕەفیق فەتحوڵـــڵا بەڕێوەبەریماڵی دالدەی ئافرەتانی هەڕەشـــەلێکراو لەهەولێـــر دەڵێت (ئێمە پشتگیری لەدرامایەکی کوردی دەکەین کە تایبەت بێت بەکێشـــە کۆمەڵایەتیـــەکان، بەڵام پێویســـتە بۆئەنجامدانـــی هەر درامایەکی لەوشـــێوەیە ڕاوێژ بەپسپۆر و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بکرێت بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان لەناوەڕۆکـــی دراماکەدا بەرجەســـتە دەکـــەن، یان بەشێوەیەك ئەو شەڵتەرەی کەپیشانددرا لەو درامایەدا کێشەکە لەشێوازی شەڵتەرەکەدا نەبوو، بەڵام کێشەکە لەشـــێوازی مامەڵەکردنی ئەو توێژەر و پارێزەرانەبوو لەگەڵ کەیسەکانیاندا، ئایە ستاندەری مامەڵەکردن بەو شـــێوازەیە؟ ئایە توێژەرێك بەو شـــێوەیە مامەڵە دەکات؟ خاڵێکی تر ئەو بابەتانەی کە هەڵبژێردرابوون بەوشێوەیە نەبوون، ڕاســـتە ئەوان هەوڵیاندا پەیامێك بگەینن و شـــەڵتەرەکان بەهاووڵاتیان ئاشـــنا بکەن، بەڵام لەنێو پەیامەکەیانەوە هەڵەی تیابوو، بۆنموونە پێوەندی کردن لەشـــەڵتەرەکاندا مەحاڵە هیچ کەسێك بتوانێـــت بەمۆبایلی کارمەندێـــك تەلەفون بکات، چونکە تەلەفـــون کردن تەنیا لـــەژووری بەڕێوەبەر و لەکاتێکـــی دیاریکـــراودا دەبێت، لەبـــەر ئەوەی مەســـائیلی ئەمنی تەلەفۆنی ســـنووردار کردووە، تەنانەت لەئەردەن لەخولێکدا نوێنەری بیست و حەوت وڵات ئامادەبوون وتیـــان ئێمە بەهیچ جۆرێك ڕێگە بەکەس نادەین تەلەفون بکات.

### پێویستە یاسایەك هەبێت بۆئەو کارە هونەرییانەی دەبنە هۆی توندوتیژی

کوردە عومەر بەڕێوەبەری گشـــتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتـــان لەوەزارەتی ناوخۆ وتی «بەداخەوە ڕاگەیاندن تائێســـتا نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ کەیســـەکانی توندوتیژی بکات، بەتایبەت ئەو درامایانـــەی کەتایبەتن بەئافرەت. ســـەبارەت بەدرامای ئاکامی نهێنییەکان کە باسی لەکۆمەڵێك کەیس کرد، ڕۆژانە ئێمە چەندان کەیسی لەو جۆرانە و قورســـتر چارە دەکەین، ئـــەم درامایەش کارێکی باش بوو بەتایبەت شەڵتەرەکان کەخەڵك بەجۆرێکی تر سەیری شەڵتەرەکانی دەکرد، بەڵام لەم درامایەدا تاڕاددەیەك نیشانیدا کە شەڵتەرەکان دەتوانن کێشەکان چارەســـەربکەن، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە کارێکی بـــاش بوو، بەڵام دەکرێت کاری باشـــتریش بکرێت. کوردە ئەوەش دەخاتەڕوو کە پێویستیشـــە یاسایەك هەبێت وەکو سانســـۆرێك بۆ ئـــەو کارە هونەریانەی کەشـــیاوی بڵاوکردنەوە نین، یاخـــود دەبنە هۆی توندوتیژی.

### ئێمە باس لەبابەتی توێژەری کۆمەڵایەتی ناکەین ئێمە باس لەتوندوتیژی دەکەین

هونەرمەند ســـالار ســـوڵتان دەرهێنـــەری درامای ئاکامی نهێنییەکان دەڵێت :لەڕاســـتیدا توندوتیژی دژی ژنان بابەتێکی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە، تا ئـــەو چرکەیەی ئێمە تێدا قســـە ئەکەین، دەلیل بەدەیان ڕێکخراو شـــەڵتەر هەیە لەکوردستان کاری لەســـەر دەکات. هۆی توندوتیژی دراماکەی ئێمە باس لەبابەتی توێـــژەری کۆمەڵایەتی ناکات ئێمە بـــاس لەتوندوتیژی دەکەین کە زۆرێك لەپیاوان هەیە لەو وڵاتەی ئێمە هیچ قسەیەك ناچێت بەمێشکیدا، بەتایبـــەت ئەو کێشـــانەی کارمان لەســـەر کردووە هەمووی کێشـــەی ڕاستەقینەن و واتە ستۆرییەك نییە من لەخۆمەوە دروستم کردبێت لەڕێکخراوێك خۆم وەرمگرتووە. ســـێ مانگ بەدواداچوونم بۆ کردووە کە دڵنیا بووم لەوەی کۆمەڵێك لەو کێشانە هەیە و کەســـیش ناتوانێ قســـەیان لەسەر بکات، ئەو شـــەڵتەرەی لەدراماکە دەبیندرا ئەوە کۆپییەکە لەو شـــەڵتەرە ڕاستەقینانەی کە ئێستا هەیە، خۆم کەیســـەکانم، هەیە ئێمە قسەمان لەگەڵ توێژەری یاســـایی کردووە، چونکـــە ئەو شـــوێنانەی کە ڕێکخراوی ژنان دروستی دەکەن شوێنێك هەیە کە ئافرەت کێشـــەی هەبێـــت و ڕادەکات بتوانێ لێی بڕێت و فرێ نەدرێتە کەلاوەیەك، من ئەو نموونەی بینوومە لەشـــاری ســـلێمانی هەیـــە، ئاگاداری چۆنییەتی نموونەی شـــاری هەولێر نیمە، چونکە بوونی ڕێکخراوێکی توندوتیژی و بەڕێوەبەرایەتی جێگەی دەستخۆشـــیە بۆ حکومـــەت، دەلیلە بۆ هەبوونـــی توندوتیـــژی و کارکردن لەســـەری بۆ کەمکردنەوەی، بەڵام ئەو شوێنانە هەر ٤تەختەی نووســـتن و تەلەفزیۆنێکی تێدایە، حکومەتەکەمان ئەونـــدە فەقیر نییە ئەتوانـــێ ئەوە بکات، چونکە ئەوانە مایەی ڕەخنە نیـــن من ڕەخنەی هونەریم دەوێ، ئێمە بەهەموو جۆرێك پێمان خوشـــە قسە بکەین، ڕاســـتە دراماکە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، بەڵام ئەو کێشـــەیەی ئێمە ئاشکرامان کردووە لەو درامایە خەڵکێکی زۆر زۆر لەو وڵاتە بەدەســـت ئەو کێشەیەوە دەناڵێنێ، لەبەر ئەوە کاتێ دەست دەبەی بۆ ئەو بابەتە هەستیارانە خەڵکانێك هەیە خۆی لەو جۆرە کارانە دەکات و نایەوێت باس لەو کێشانە بکرێت، ئێمە گوێمان لێبووە پیاو هەبووە نەیهێشتووە ژنەکەی سەیری ئەو درامایە بکات. ئەو کارەم لەگەڵ ڕێکخراوی هارت ئەلاندی ئەمریکی کردووە، ئەوان هەر ئەوەندەیان لەتوانا بووە، هەبوونی ڕەخنەی زۆریش واتـــای زۆری بینەرە، هیوادارم لەهەولێریش ئەو جۆرە کارانە بکرێت.